# باس حیزبایەتی لە ئیسلامدا وە چۆنیەتی بانگەواز کردن بۆ ئیسلام و ڕەووشتی بانگەواز کاران

باوکی حارث

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه ومن اتبعه باحسان اما بعد :

ئەم پەیامە لەچەند نوسراوێکی ترم بابەتەکانیم هەڵبژاردوونە لەبەر گرنگی باسەکانیان و ڕوون نەبوونی بۆ زۆربەی خەڵك داوا لە خوای گەورە ئەکەم بەرەکەت بخاتە ئەو پەیامە وە خوێنەرەکانی و هەموو موسڵمانان بخاتە سەر ڕێگای ڕاست .

## ئایا حیزبایەتی لە ئیسلامدا هەیە ! ؟

پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە و بزانین کە لە ئیسلام ڕێگا لە حیزبایەتی و پارچە پارچە بوونی موسڵمانان گیراوەو زۆر بە توندی لە قورئان و سوننەتەوە ئاگادار کراوینەتەوەو نەهیمان لێکراوە لە پارچە پارچە بوون و پشت لە یەك کردن و لێك جیابونەوە. بەلاّم کەسێك بۆی هەیە بپرسێ ئەگەر وایە ئەی بۆچی و چۆن ئەو هەموو حیزبە بەناوی ئیسلام دروست ئەبن و ئەڵێن ئێمە کار بۆ ئیسلام ئەکەین و خزمەتی موسڵمانان ئەکەین !؟ وەلاّمەکەی ئاسانە ئێمە ئەبێ ئەوە بزانین کە ئیسلام دینی خوای گەورەیەو لە ئاسمان بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم دابەزیوە. وە ئەو دینە دینێکی تەواوە هیچ کەم و کوریەکی تێدا نیە . هەرچی لە خوای گەورەمان نزیك ئەکاتەوەو ئەمانگەیەنێ بە بەهەشت و خێری دونیاو قیامەتی ئێمەی تێدایە پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم بۆی ڕوون کردوینەتەوە و نیشانی داوین . وە هەرچی شتێك کە لە خوای گەورەمان دوور ئەخاتەوەو بەرەو جەهەننەمان ئەبات پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم ئاگاداری کردوینەتەوە لێی بەڵگەش فەرمودەی خوای گەورەیە : { **اليوم اكملت لكم دينكم واتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الاسلام دينا** } المائدة 3 وە ( ابو ذر ) ڕەزای خوای لێبێ ئە فەرموێ : **تركنا رسول الله صلى الله عليه واله وسلم وما طائر يقلب جناحيه في الهواء الا وهو يذكرنا منه علما, قال فقال صلى الله عليه واله وسلم : ( ما بقي من شيء يقرب من الجنة ويباعد من النار الا وقد بين لكم )** سلسلة احاديث الصحيحة 1803 . ئەگەر حیزبایەتی خێری هەبوا ئەوە بێگومان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم بە ئێمەی ڕا ئەگەیاند . ئەگەر حیزبایەتی لە دیندا بوایە خوای گەورە بیری نەئەکرد فەرمانی پێ ئەکردین { **وما كان ربك نسيا** } باشە ئەگەر حیزبایەتی لە دیندا نەبێ و ئێمە بڵێین دینەو خزمەت بە ئیسلام و موسڵمانان ئەکا لە گەڵ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا صلى الله



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

علـــيه والـــه وسلم و هاوەڵــه بەڕێزەكـان خـوا لێيان ڕازی بێ نەيانكـردوه ئەوا ئەوه ئەگـەينێ كـه بڵێين ئـێمـه باشــتر لــه پـێغـەمبەر صـــلی الله عليه واله وسلم وه هاوەڵــەكانی ڕەزای خـوايان لێبێ ئەزانين و چــاكـتر لــەوان خـزمەتی ئيـسلام ئەكــەين ! ئيتر شـەرم لە خـوای گـەوره بكـەن بەوەنده ڕازی بن كـه خـــوای گـــەوره بـــۆی داناوين و پێغـەمبەر صلی الله عليه واله وسلم و هاوەڵەكـانی ڕەزای خـوايان لێبێ لـه ســـەری بـــوون . وه هــەر ئـەوەش لەســـەر ئـێمـەيه شـوێـنـي ئــەو ديـنـه بكـــەوين كـه خـوای گـەوره بۆ پـێغـەمبەری صـــلی الله علـــيه واله وسلم دابەزاندووه نەك شـوێـنـي هـەواو ئارەزوی هـيـچ گـروپ و هـيـچ حيزبـێـك بكـــەوين وەك خـوای گـەوره ئەفـەرمـوێ : { اتبعوا ما انزل اليكم من ربكم ولا تتبعوا من دونه اولياء قليلا ما تذكرون } الاعراف3 .

## ترساندن و ئاگادار كردنەوه له پارچه پارچه بوون و حيزبايەتی

لەگــەڵ ئـەوەی كــه حيــزبايەتی شـتـێـكی بـاش نيەو لـه ئيـسلامدانيه زۆر بە توندیش خـوای گـەوره ئـێمـەی لــێ ترســاندووەو ئاگـاداری كـردوينەتەوه لەوەی پارچه پارچه بين خـوای گـەوره ئەفـەرمـوێ : { ولا تكونوا من المشركين . من الذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا كل حزب بما لديهم فرحون }الروم 31-32وه { ان الـــذين فرقوا دينهم وكانوا شيعا لست منهم في شيء }الانعام 159 وه { ولا تكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ما جاءهم البينات }ال عمران 105 وه { واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا } ال عمران 103 ئـەم ئايەته پيرۆزانەو چەندين ئايەتی تر لـه قورئانا ئاگـادارمان ئەكـەنەوەو نەهيمان لــێ ئەكـەن لە پارچه پارچه بوون و حيزبايەتی و جيا بوونەوه لـه يەكـتر وه بۆمان ڕوون ئەكـەنەوه كـه ئەمــه كـاری موسـڵمان نيه بەڵكـو كـاری ئەوانەيه كـه هاوبەش بۆ خـوای گـەوره بڕيار ئەدەن ئەوانەی ئـاوا پارچــه پارچــه ئــەبن و لــێك جـيا ئەبـنـەوه پێغـەمبەر صلی الله عليه واله وسلم لێيان بەريه . وه هــەروەها پـێغـەمبەريش صـــلی الله عليه واله وسلم لـه چـەندين فـەرمـوده ئێمـەی ئاگـادار كـردۆتەوه لـه پارچــه پارچــه بــوون و لــێك جيا بوونەوه بۆ نموونه ئەفـەرمـوێ : ( افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة ، فواحدة في الجنة وسبعين في النار ، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة فواحدة في الجـــنة وإحدى وسبعين في النار ، والذي نفسي بيده لتفترقن أمتي على ثلاث وسبعين فرقة ، فواحدة فـــي الجـــنة وثنتين وسبعين في النار ، قيل يا رسول الله من هم قال : هم الجماعة ) سلسلة احاديث الـــصحيحة 1492 وه ( ...... ولا تخـــتلفوا , فان من كان قبلكم اختلفوا فهلكوا ) رواه مسلم ئەبـينـين چـۆن پـێغـەمبەری خـــوا صـــلی الله عليه واله وسلم ئاگادارمان ئەكـاتەوه لـه پارچـه پارچه بوون و لێك جــيابوونەوه وه ڕوونی كــردۆتەوه بــۆمان كـــه ئـــەوه هــۆی لەناوچـــوون و هيلاكــيەو هەمـوو ئەوانه بۆ جەهەنـنـەمن كـــه پارچـــه پارچـــه ئەبن تەنها يەك كـۆمەڵ نەبێ ئەوانيش ئەوانەن كـه لەسـەر ئەو دينه ئەمێننەوه پێغـەمبەر صلی الله عليه واله وسلم و هاوەڵەكـانی ڕەزای خـوايان لێ بێ لەســەری بوون . وه لــه فەرمودەيەكــی تـر هاتـــووه كـــه ئيمام بوخاری ڕەحـمەتی خـوای لێبێ ئەی گـێڕێتەوه لـه جابر ڕەزای خـوای لێبێ باسـمان بۆ ئەكا كـه لەگـەڵ پێغـەمبەر صلی الله عليه واله وسلم لـه غـەزايەكـا بـوون دوو كـــەس لـــه مـــوهاجيرو ئەنــسـار بـــوو بە كـێشـەيان يەكـيان ووتی ئەی ئەنسار وه ئەويتر ووتی ئەی مـــوهاجيرەكـان . پـــێغـەمبەرصـــلی الله علـــيه واله وسلم كــه ئەمـەی بيـست فـەرمـوی : ( ما بال دعوى



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**الجاهلـيـة** ) پاشـان كـه كـێشـه‌كـه‌یان بـۆ ڕوون كـردەوە پێغـه‌مبـه‌ر صلی الله علیه واله وسلم فـه‌رمـوی : ( **دعـوها فانهـا خبيـثة** ) . ئه‌زانین كـه ئه‌م دوو ناوە موهاجیرو ئه‌نسار دوو ناوی شـه‌رعین لـه قورئانا مه‌دحیان كراوە بـه‌لام ئه‌گـه‌ر ببێ بـه‌هـۆی لێك جیابوونه‌وەو ئاژاوە لـه‌ناو موسـڵمانان پێغـه‌مبـه‌ر صلی الله علیه واله وسلم فـه‌رموی : ( **دعوها فانها خبيثة** ) ئاوا بـه‌توندی نه‌هـی لێكـردن ئه‌ی چـی ئه‌ڵێـی بـه‌م حیـزبانـه !!! وە ئایـه‌ت و فـه‌رمـوودە زۆرن بـه‌لام ئه‌وەنده بـه‌سـه بۆكـه‌سێك ژیربێ وە بـه‌دوای ڕاسـتـی دا بگـه‌ڕێ .

## لادانی چـه‌ند پـه‌ردەیـه‌ك وە ڕەواندنـه‌وەی چـه‌ند شـوبهـه‌یـه‌ك

لـه‌گـه‌ڵ ئـه‌وەی كـه‌ڕوونمان كـردەوە كـه حیـزبایـه‌تی و پارچـه پارچـه بـوون لـه ئیـسلامدانیه بـه‌لام ئه‌م حیـزبه ئیـسلامیانه كۆمـه‌ڵـێك شـوبهـه‌و تـه‌لبـیس ئه‌هـێننـه‌وە بۆ ئه‌وەی كاری خۆیان بـه‌كارێكـی شـه‌رعی و ئیـسلامیانه نیـشـان بدەن وەك : 1_ ئه‌ڵێن ئێمه بانگـه‌واز ئه‌كـه‌ین بۆ ئیـسلام ئه‌مـه‌ش ئه‌ركـێكـی شـه‌رعیه خـوای گـه‌ورە ئه‌فـه‌رمـوێ : { **ولـتكن مـنكم أمة يدعون الى الخير ويأمرون بالمعـروف وينهون عن المنكر** } ال عمران **104** ئه‌ڵـێن خوای گـه‌ورە فـه‌رمانی پێكـردوین كـۆمـه‌ڵێك ئه‌مـر بـه‌چـاكـه بكـه‌ین و نه‌هـی لـه‌خراپه بكـه‌ین و بانگـه‌واز بۆ ئیـسلام بكـه‌ین ئه‌وەش بـه حیـزبایـه‌تی نـه‌بێ ناكـرێ ! وەلامـی ئـه‌و شـوبهـه‌یه ئاسـانه باشـه پێغـه‌مبـه‌ر صلی الله علیه واله وسلم لـه‌گـه‌ڵ هاوەڵـه‌كانی ڕەزای خـوایان لـه‌سـه‌ربێ بـه حیـزبایـه‌تی بانگـه‌وازیان بۆ ئیـسلام ئه‌كـرد !؟ ئه‌گـه‌ر وایـه فـه‌رمـوو ڕوونی بكـه‌نـه‌وە لـه دیـندا شـاراوە نیه ئه‌گـه‌ر وانیه شـه‌رم بكـه‌ن لـه‌خوای گـه‌ورە یانی ئێوە باشـتـر لـه‌وان بانگـه‌واز بـۆ ئیـسلام ئه‌كـه‌ن !؟ بـه‌ڵێ بانگـه‌واز كـردن بۆ ئیـسلام واجبێكـی شـه‌رعـی و ئه‌ركـی موسـڵمانانه بـه‌لام بـه‌حیزبایـه‌تی ناكرێ بـه‌ڵكو بـه زانـست (علـم)ی شـه‌رعـی ئه‌كـرێ . باشـه بزانین ئه‌م حیـزبایـه‌تیه چ خزمـه‌تێكـی بـه بانگـه‌وازی ئیـسلام گـه‌یاندووە با موقارەنه بكـه‌ین لـه بـه‌ینـي بانگـه‌وازی ئه‌م هه‌موو حیزبـه‌و تـه‌نها یـه‌ك زانا بۆنمونه ئیمام ئه‌لبانی ڕەحـمـه‌تی خوای لێبێت كـه‌هیـچ حیـزبایه‌تیـشـی نه‌كـردووەو هیـچ حیـزبێكیـش یارمـه‌تیان نه‌داوە بـه‌ڵكـو دژایـه‌تیان ئه‌كـرد . ژیانی هـه‌مووی لـه دەربـه‌دەری و سـجن و ئه‌شـكـه‌نجه بردۆتـه سـه‌ر . با بزانین بـه‌هـه‌موو ئیـخوان موسـلیمین و حیزبـه ئیـسلامیـه‌كان بـه قـه‌د ئـه‌و ئیمامـه بـه‌ڕێزە خزمـه‌تیان بـه بانگـه‌وازی ئیـسلامـی كـردووە ئیمام ئه‌لبانی ڕەحـمـه‌تی خـوای لـێبێ خـوای گـه‌ورە كـردی بـه‌هـۆی نـوێ كـردنـه‌وەی ئـه‌م دینـه‌و گـه‌ڕانـه‌وەی زۆری موسـڵمانان بـۆ سـوننـه‌ت و ڕێـگـای پێغـه‌مبـه‌ر صلی الله علیه واله وسلم وە زانسـتـی ئه‌و ئیمامـه پڕی دونـیایـه . بـه‌لام ئـه‌و هـه‌مـوو حیـزبـه ئیـسلامیانـه بـه‌و هـه‌موو ئیمكـانیاتـه زۆرەوە چیان بۆ ئیـسلام كـردووە ؟ كـوا بانگـه‌وازیان بۆ ئیـسلام مـه‌گـه‌ر ئه‌وە نه‌بێ بوون بـه‌هـۆی لاوازی و پـه‌رتـه‌وازەیـی و ڕق لـه یـه‌كـتـر بـوونـه‌وەو ئـاژاوەو شـه‌ڕ لـه بـه‌ینـي موسـڵمانان وە زیادە ڕەوی ناكـه‌م ئه‌گـه‌ر بڵێم بوون بـه‌هـۆی دوور كـه‌وتـنـه‌وەی خـه‌ڵك لـه ئیـسلامی ڕاسـتـه‌قینـه‌و ئه‌ترسـن لـه ئیـسلام و مزگـه‌وت و ئه‌وەی باسـی ئیـسلامیان بۆ بكـا پـه‌نا بـه‌خوا!!! ئه‌وەی گـرنگـه ئه‌وەیه كـه بانگـه‌واز بۆ ئیـسلام بـه زانسـتـی شـه‌رعـی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

و دەست گرتن بە ئیسلامی ڕاستەقینە ئەبێ وە بە شوێن کەوتنی پێغەمبەرمان **صلى الله عليه واله وسلم** ئەبێ نەك بە حیزبایەتی .

2_ ئەڵێن ئێمە بەرگری ئەکەین لە ئیسلام و مزگەوت و موسڵمانان وە ئەگەر ئێمە نەبین کەس ناتوانێ باسی ئیسلام بکات و بە ئازادی خوا بپەرستێ ! بەڕاستی ئەمە شتێکی سەیرە باشە لەوەتەی ئیسلام هاتووە چۆن خوای گەورە پاراستویەتی باشە بۆ بەرگری لە ئیسلام پێغەمبەر **صلى الله عليه واله وسلم** وهاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ پەنایان بردە بەر حیزبایەتی یان خۆڕاگر بوون و لایان نەئەدا لەو فەرمانانەی خوای گەورە دایئەبەزاند لە ئاسمانەوەو ( توکل ) یان تەنها لەسەر خوای گەورە بوو . ئەمە بوو هۆی سەرکەوتنیان بەسەر هەموو دوژمنەکانیان و پاراستنی ئەم دینە نەك حیزبایەتی . ئەمانە ئەیانەوێ وا لە خەڵك بگەینن کە ئەم حکومەتەی هەیەو سەرۆکی کوردستانی ئێستاش دژی ئیسلامن و ئەگەر لەبەر خاتری ئەوان نەبێ هەرچی بڵێ موسڵمانم لەناوی ئەبەن و هەرچی مزگەوتە ئەیڕوخێنن ! باشە ئەمە ڕاستە یان پێچەوانەکەی ئێوە بوون بەهۆی ئەوەی خەڵك سەری لێ تێك بچێ و ڕێگای ڕاستی لێ وون ببێ و بشترسن لە ئیسلام و نەوێرن مناڵەکانیان بنێرن بۆمزگەوتەکان نەوەك توشی ئەم بیرە پووچە ببن کە تەکفیر کردن و بە حەڵاڵ زانینی خوێنی موسڵمانانە ! پێمان بڵێن ئێوە چیتان کردووە بۆ موسڵمانان و مزگەوت غەیری ئەوە نەبێ کە لە مزگەوتەکانا تیپی سروود ( گۆرانی ) و تیپی تۆپێن و مەشغول کردنی منالی موسڵمانان بە گۆرانی و دەف لێدان و فێرە حیزبایەتی کردن و ئیستیغلال کردنیان بۆ سیاسەت و مەسلەحەتی حیزبەکانتان ! بزانین چی ترتان کردووە لە غەیری ئەوەی کە فێریان بکەن ئەو مەلاو ئەو خەڵکانەی لە مزگەوت ئەیان بینن مونافیق و دوو ڕوون و نوێژ لە دوای ئەم مەلایانە ناکرێ چونکە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن و وەلایان هەیە بۆ یەکێتی و پارتی . باشە ئەمە خزمەتە بە ئیسلام و بەرگری کردنە لە مزگەوت و موسڵمانان ! ئەوە خزمەتە کەهەر مناڵێك لە مزگەوتێکا بکەن بە ئەمیرو حیساب بۆ هیچ مەلایەك نەکەن و بە بێ زانستی شەرعی بە ئارەزووی خۆیان فەتوای کوشتن و برینی ئەم خەڵکە بێ تاوانە بدەن ! باشە بزانین ئێوە بوون بەهۆی ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتەکا ن و گەڕانەوەی خەڵك زیاتر بۆلای ئیسلام یان بوون بەهۆی ئەوەی کە مزگەوتەکان بکەونە ژێر چاودێری و خەڵك بترسێ لە هامووشۆکردنی بۆی وەنەهێڵن مناڵەکانیان تەنانەت بۆقورئان خوێندن و نوێژی جەماعەتیش بچن هەمووی لەبەر ئەم کارە هەڵەو ناشەرعیانەی کە باسمان کرد . با ئەوەش بزانین پێش هەبوونی ئەو حیزبە ئیسلامیانە سوپاس بۆ خوا هیچ کێشەیەك نەبوو خەڵك بەئازادی ئەچوون بۆمزگەوت و هەموو هاوینێك مناڵەکانیان ئەنارد بۆئەوەی فێری قورئان خوێندن بن لە مزگەوت تەنانەت لە سەردەمی بەعس کەهەمووکەس ئەزانێ چەند دڕندە بوون بەرامبەر بە ئیسلام و موسڵمان ئینجا کوردیش بێ ! لەگەڵ ئەوە من بیرم دێ هەموو هاوینێك منالانی گەڕەك ئەچوین بۆمزگەوت و هیچ ڕێگرێك نەبوو لە پێشمان تا ئەم ساڵەی حیزبێکی ئیسلامی دروست بوو لە خزمەتەکانیان ئەوە بوو تەقاندنەوەو تیرۆر کردن و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەچوون لە میکرۆفۆنی مزگەوت قسەیان ئەوت بە بەعس و ڕایان ئەکرد ئەمە بوو بەهۆی داخستني مزگەوتەکان و چاودێری کردنی مەلاکان زیاترو ئازاردانیان ، باشە کێ ئەمە بەخزمەت ئەزانێ !؟ بەکورتی ئەم دینە مولکی خوای گەورەیە هەرخۆشی ئەیپارێزێ ، ئەوەی لەسەرئێمەیە لەفەرمانەکانی خوای گەورە دەرنەچین و شوێني پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم بکەوین ئەوکاتە خوای گەورە لەدونیاو قیامەت سەرکەوتومان ئەکات ، بەڵام لادان لەڕێگای پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم هیچ سودێك ناگەینێ بە موسڵمانان غەیری ماڵ وێرانی و لاوازی و ڕووڕەشی قیامەت بشزانین کە ئەو حزبانە ئەگەر خزمەتێکی لاوەکیان هەبێ لەوەی مزگەوتێکیان دروست کردووە یان مەکتەبێك بە پارەی خێر خوازان یان یەتیم بە خێو ئەکەن هەر بە پارەی خێرخوازان یان قوربانی ئەکەن هەر بە پارەی خێر خوازان یان هەر خێرێکی تر کە هەیانە لە گەڵ ئەوەی کە ئەمانە کاری خێرن بەڵام نابێ منەت بکەنە سەرمان بڵێن ئێمە ئەو شتانەمان بۆ کردوون چونکە هەم ئەو پارە هی خۆیان نیە هی خەڵکی خێر خوازەو هەم لە ئیسلام ئەگەر کەسێك چاکەیەك بکا کە زۆر کەمتریش بێ لە خراپەکانی ! ئەوە بۆی نیە منەت بکاو چاکە کەمەکەشی بەتاڵ بکاتەوە !

3_ ئەڵێن ئەی باشە ئێمە کە ئەبینین کەئەو هەموو حیزبە عیلمانی و ئیلحادیانە دروست بوون وە هەندێکیان بەئاشکرا دژایەتی ئیسلام ئەکەن ئێمە وا دانیشین ساحەکە بۆیان چۆل بکەین ؟ لەوەلام ئەڵێین نەخێر کەس ناڵێ ئێوە دانیشن و ساحە بۆیان چۆل بکەن بەڵام ئەڵێین باشتێ نەکەین بەناوی ئیسلامەوە کە لە ئیسلامدانیەو ئیسلام لێی بەریە ، ئەو واقیعە نابێ وا لەئێمە بکا کە بەشێوەیەك هەڵوێست وەربگرین ڕەددی بکەینەوە بەشتێك کە خوای گەورە ڕێگای پێنەداوە ، با سەیری پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم بکەین لەمەککە لەچ واقیعێك ئەژیاو چۆن دژایەتیان ئەکرد لەگەڵ هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ تووشی ئازارو ئەشکەنجەو دەربەدەری ببوون ، لە واقیعێك بوون کە لە هەموو ڕویێکەوە لەو واقیعەی ئێمە تاڵ ترو ناخۆشتربوو ، بەڵام ئارامیان ئەگرت و پەنایان نەدەبردە بەر حیزبایەتی و تیرۆرو شتێك خوای گەورە ڕێگای پێنەدابێ ، لەگەڵ ئەو هەموو ئێش و ئازارو ئەشکەنجە خوای گەورە فەرمانی پێئەکردن ئارام بگرن و بەردەوام بن لەسەر بانگەوازەکەیان و کاری ناشەرعی نەکەن : { **فاستقم كما امرت ومن تاب معك ....**} **هود 112** وە { **ثم جعلناك على شريعة من الامر فاتبعها ولا تتبع اهواء الذين لا يعلمون** } **الجاثية 18** وە { **فاصدع بما تؤمر واعرض عن المشركين** } **الحجر 94**. بەڵێ لەسەرمانە بانگەواز بکەین بۆ ئیسلام و ئەمر بەچاکە بکەین و نەهی لەخراپە بکەین ، بەڵام بەوشێوەیەی خوای گەورە ڕێگای پێداوە بە عیلم و حیکمەت نەك بە حیزبایەتی و لاسایی کردنەوەی عیلمانیەکان لە حیزبایەتی !

4_ ئەڵێن ئێمە ئەمانەوێ حوکمی شەرعی خوای گەورە بگەڕێنینەوە و ئەمانەوێ حیزبایەتی وەك وەسیلەیەك بەکاربێنین بۆ گەڕانەوەی حوکم کردن بەشەریعەتی خوای گەورە ! بەڵێ چۆن حوکمی خوای گەورە ئەگەڕێننەوە بەشتێك کە لەحوکمی خوای گەورە حەرامەو نابێ و ناگونجێ بۆ موسڵمان ، بەڵکو لە پیشەو کاری کافرو موشریکەکانە ! چۆن خۆمان موخالەفەی حوکمی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـــوای گــەورە بكـەین و بڵێین ئەمانەوێ حـوكـمـی خـوای گـەورە بگـەڕێنینـەوە ! ئەوەتان پێ ئەڵێین كـە خـــوای گـــەورە ئەفـەرمـــوێ : { اتامرون الناس بالبر وتنسون انفسكم وانتم تتلون الكتاب افلا تعقلون } البقــرة 44 وە { ولا تلبـــسوا الحـــق بالباطل وتكتموا الحق وانتم تعلمون } البقرة 42 حـوكـمـی خـوای گـــەورە بە بانگـەوازكردن بۆ ئیسلامی ڕاستـەقینـەو گـەڕانەوەی خۆمان بۆ ئەو ئیسلامـەو جێ بـەجێ كردنی پێش خـەڵك ئەبێ نەك بە حیزبایەتی و لاسایی عیلمانیەكان و شـەڕكردن لەسـەر كورسـی !!!

## چۆن بانگـەواز بۆ ئیسلام بكـەین ؟

ئـەبێ بەوشـــێوەیە بانگـــەواز بـــۆ ئیسلام بكـەین كـە خـوای گـەورە فـەرمانی پێ كـردووەو پێغـەمبـەر صلى الله عليه واله وسلم بـــۆمانی ڕوون كـردۆتەوە . نـەك بـەوشـێوەی ئارەزومـان ئـەیخـوازێ و سـیاسـەت لەگـەڵـیا ئـەگـــونجێ و خـــەڵك زیاتـر بـــەدەورمان كـــۆئەكـاتەوە و دەنگـمـــان زیـاد ئـەكـاو كـورسـیمان مـــسـۆگـەر ئـــەكـات ! خـــوای گـــەورە ئەفـەرموێ : { قل هذه سبيلي أدعوا الى الله على بصيرة أنا ومن اتبعنـــي وســـبحان الله وما انا من المشركين } يوسف 108 ئــەم ئايەتە پیرۆزە ڕێگـای پێغـەمبـەرمان صلى الله عليه واله وسلم وە ئەوانـەی بەڕاسـتـی شـوێنـي ئەكـەون بۆ ڕوون ئەكـاتەوە كـەچۆن بانگـەواز ئەكـــەن بـــۆلای ئیـــسلام يەكـــەم: { قـــل هذه سبيلي } بڵـــێ ئەوە ڕێگـای منـە كـە ڕوون و ئاشـكـرایەو ڕاســـت و ڕەوانـــەو خـــوارو خـێـچـی تـێدانیە وە هیچ ناشارمـەوە لەكـەس ئەمە دینـي خـوای گـەورەیە شـەرم لەكـەس ناكـەین لە ڕوون كـردنەوەی . دووەم : { ادعوا الى الله } بانگـەواز ئەكـەم بۆلای خـوای گـــەورە نـــەك بۆ نەفس و حیزب و هیچ مـەبەسـتێكـی دونیا تەنها بۆ ئەوەی فـەرمانی خـوای گـەورە جێ بەجێ بكـەم نـەك هیچ ئارەزوێك . سـێهـەم : { على بصيرة } لەسـەر ڕۆشـنـایی و زانسـت نـەك بـــە نەزانی بەڵـكـو بە بەڵگـەو تێگـەیشـتن بە فـەرمـودەكـانی خـوای گـەورەو پێغـەمبـەر صلى الله عليه واله وسلم بانگـــەواز ئەكـەم . چوارەم : { أنا ومن اتبعني } من ( پێغـەمبـەر صلى الله عليه واله وسلم ) وە ئەوانەی شـوێنم ئەكـەون ئاوا بانگـەواز ئەكـەن ، ئەوە بانگـەوازی پێغـەمبـەر صلى الله عليه واله وســـلم و ئەوانـەیـــە كـــە بـــە ڕاســـتـی شـوێنـي ئەكـەون . پێنـجـەم : { وسبحان الله } وە پاكـی بۆخـوای گـــەورە لەوەی كـە هاوبەشـی هـەبێ یان هیچ سیفـەتێكـی كـەم و كـوڕی هـەبێ یان پێویسـتی بەوە بێ كـە بە تاوان و لادان لە ڕێگـای ڕاسـت لێی نزیك بینـەوە خـوای گـەورە دەوڵەمـەندەو پێویسـتی بە هـــیچ دروسـت كـراوێك نیە . شـەشـەم : { وما انا من المشركين } وە من ( پێغـەمبـەر صلى الله عليه واله وسلم ) لە هاوبەش دانەران نیم بۆ خـوای گـەورە بەڵـكـو بەریم لە هاوبەش دانان بۆ خـوای گـەورە وە بـــەریم لـــە هـەركـەســێك هاوبەش بۆ خـوای گـەورە دابنـێ ، نـەك بۆ دونیای لە ناوچوو وە كـورسـی كـاتی وە دەوڵەمـەندی ناڕەوا دەست بخـەمە دەستـی هاوبەش دانەران و وازبێنـم لە بانگـەوازی ( لا اله الا الله ) بانگـــەوازی يەك خـوا پەرسـتـی .بـەڵێ ئەوە بانگـەوازی پێغـەمبـەر صلى الله عليه واله وسلم و ئەوانەی شـوێنـي پێغـەمبـەر صلى الله عليه واله وسلم ئەكـەون ، بانگـەواز بۆ يەك خـوا پەرسـتی و لە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەر ڕۆشنایی و بەڵگە و تێگەیشتنەو مەبەستیشیان تەنها ڕەزامەندی خوای گەورەیە نەك وەدەست هێنانی کورسی یان کۆ کردنەوەی دەنگی زۆرو دەوڵەمەند بوون لە سەر حیسابی ئەم دینەو بێ دەنگ بوون لە ناهەق و وتنی ناهەق بۆ ڕازی کردنی خەڵك . با سەیرێکی ژیانی پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم بکەین و دەرس و عیبرەت وەربگرین . لە مەککە پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم لەناخۆشترین ژیانا بوو لە گەڵ هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ ئەشکەنجەو ئازار وە دەر بەدەر بوون و ماڵ زەوت کردن وە لێدان و سجن کردن لە گەڵ ئەو هەموو ناخۆشیە کافرەکان ئەهاتن بۆ لای پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم پێیان ئەوت ئەگەر ماڵت ئەوێ بۆت کۆ ئەکەینەوە تا ئەبی بە دەوڵەمەندترین کەس لە ئێمە . ئەگەر ژنت ئەوێ جوانترین کچت لە قوڕەیش بۆ هەڵئەبژێرین . ئەگەر گەورەییت ئەوێ ئەتکەین بە گەورەی خۆمان بێ پرسی تۆ هیچ کارێ ناکەین . بەلام واز بێنە لە بانگەوازی ( لا اله الا الله ) پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم بە هیچ شێوەیەك وازی نەئەهێنا لە بانگەوازی یەك خوا پەرستی و ئەی فەرموو من هیچم لە ئێوە ناوێ تەنها بڵێن ( لا اله الا الله ) . الله اکبر ! ئەوە ئەگەر بە سیاسیەکانی ئەمڕۆ بوترێ ئەبێ چی بکەن ! خۆ پێیان ناڵێن خۆیان بە دوای کورسی ڕائەکەن و تەئویلی فەرمودەی خوای گەورەو پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەکەن بۆ بەرژەوەندی کورسی و حیزبەکەیان و ڕازی کردنی خەڵك لە خۆیان!!!

## ڕەوشتی بانگەوازکاران بۆ لای خوا و بنچینەکانی بانگەواز بۆ لای خوا

پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت کە بانگەواز کردن بۆ لای خوا ڕێگای پێغەمبەرە صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە ڕێگای ئەوانەیە بە ڕاستی شوێني ئەکەون . ئەبێ بزانین بانگەوازکاران بۆ لای خوا ئەبێ ئەو ڕەوشتە بەرزانەیان تێدا بێ کە ئەبێتە هۆی سەرکەوتنیان و بلاو بونەوەی بانگەوازەکەیان . وە ئەبێ لە بنچینەکانی بانگەواز کردن بۆ لای خوا دەرنەچن . بۆ ئەمەش ئەبێ پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بکەن بە مامۆستاو چاو ساغی خۆیان و شوێني ئەوان بکەون لە بانگەواز کردنیان بۆ لای خوا . ئەزانین کە خوای بەرز ئەفەرموێ : {لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّـهَ كَثِيراً} الاحزاب 21 واتە : ( بۆ ئێوە چاو لێکەریەکی باش هەیە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم تا سەیری بکەن و چاو لە کردەوەکانی ئەو بکەنەوەو شوێني بکەون بۆ ئەو کەسانەی کە تەمای وە ئومێدی پاداشتی ڕۆژی دواییان هەیە وە زۆر یادی خوا ئەکەن ) . جا ئێستا چەند شتێك باس ئەکەین کە لە ڕەوشتی پێغەمبەران علیهم الصلات والسلام بووە لە بانگەواز کردنیان بۆ لای خوا وە بانگەوازەکەیان لەسەری دامەزرابوو . وە هۆی سەرکەوتنیان بوو لە دونیاو لە دوا ڕۆژ .

1_ زانست : ئەو کەسەی بانگەواز ئەکا بۆ لای خوا پێش هەموو شتێ ئەبێ زانا بێ بەو شتەی بانگەوازی بۆ ئەکا . ئەبێ شارەزا بێ لە ئیسلام و بتوانێ بە بەڵگە و چاو ڕۆشنی خەڵك بانگ بکا نەك بە کوێرەیی خوای بەرز ئەفەرموێ : { قل هذه سبيلي أدعوا الى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني وسبحان الله



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ومـــا انـــا من المشركين } يوسف 108 على بصيرة : مـەبـەسـت زانسـتـە زانسـتـێك كـە دوودڵـی و گـومـانی لەگـــەڵ نـــەبێ ، وە خـــوای بـەرز ئـەفـەرموێ : {ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِـــيَ أَحْـــسَنُ} النحل 125 واتە : ( بانگـەواز بكـە بۆ لای ڕێگـای پەروەردگـارت بە حیكـمـەت _بە زانست و نەرمو نیانی و كـار بەجێیی بەوەی هـەر شـەتەو لـە شـوێنـي خـۆی بـاس بكـەی_ وە بە ئامـۆژگـاری چاك _بە خـــوا بیانـترسـێنەو بـاسـی پاداشـت و سـزای خـوایان بۆ بكـە_ وە بە چاكـترین شـێـوە حیوارو موناقەشـەیان لـــە گـەڵ بكـە _بۆ ڕەوانـدنەوەی گـومـانەكـانیان_ ) . چونكـە ئـەو خـەڵكـەی بەرامبـەریان ئەبیتەوە بانگیان ئەكـــەیت بـــۆ لای خـــوا گـومـانـیان هـەیـە و دیـارە بـــە زانـــســت نـــەبێ چۆن جیدالیان لـە گـەڵ ئـەكـەیت و بەڵگـەكـانـیان بـــۆ ڕوون ئـەكـەیـتـەوە ، لـەبـــەر ئـەوە پێش هـەمـوو شـتێك زانسـت و شـارەزابـوون لـە ئیسلام كـلیلی بانگـەواز كـردنە بۆ لای خـوا.

2_ كـاركـــردن بـــەوەی خـەڵكـــی بـــۆ بـــانگ ئـەكـــەیت و ئـەیـــزانی : دیـــارە ئـەمـــەش زۆر گـرنگـە ئـەو كـەسـەی بانگـەوازی خـەڵك ئـەكـات پێشـی خـەڵك خـۆی كـار بكـا بەو زانسـتـەی هـەیـەتی و خـەڵكـی بۆ بانگ ئـەكـات ، ئـــەوەش ڕەوشــــتـــی پـــێغـەمبـەران بـــووە علیهم الصلاة والسلام خـــوای بـەرز ئـەفـەرموێ دەربارەی شـعیب علیه الـــصلاة والـــسلام : {وَمَـــا أُرِيـــدُ أَنْ أُخَـــالِفَكُمْ إِلَـــى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ} هود 88 واتە : ( وە من نامەوێ خـۆم موخـالـەفـەتـان بكـەم لەوەی ڕێگـریتان لـێ ئـەكـەم بە ئێوە بڵێم مـەیكـەن خـۆشـم بیكـەم ) . وە خـوای بـەرز بـــە پـــێغـەمبـەرمان صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئـەفـەرموێ : {قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِـــينَ . لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ} الانعام 162_163 واتە : ( ئـەی پێغـەمبـەری خـــوا صـــلی الله علـــیە وعلـــی الە وسلم بڵـــێ نوێژەكـانم وە سـەربڕینـي ئاژەڵ و قـوربانیم وە هـەمـوو ژیان و مردنیـــشـم بـــۆ خـــوای پـــەروەردگـارو خـــاوەنی هـەمـوو جیهـانیـانـە . كـە هیچ هـاوبەشـی نیە وەبەوە فـەرمانم پێكـراوە وە من یەكـەم كـەسێكم موسـڵمان ئەبم و تەسـلیم بە فـەرمانەكـانی خـوا ئەبم ) . وە خـوای بـەرز ئـەفـەرموێ : {وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ} فصلت 33 واتە : ( وە كـــێ هـەیـە قـسـەو كـــردەوەی لـەو كـەسـە جوانتر بێ كـە بانگـەواز ئـەكـا بۆ لای خـوا وە كـردەوەی چاك ئـەكـات _خـۆی چاكـە ئـەكـات پێش ئـەوەی خـەڵك بانگ بكـا_ وە بشـڵـێ من لـە موسـڵمـانانم مل كـەچم بۆ فـەرمانەكـانی خـوا ) .

3_ ئـــیخلاس و مـەبـەســـت بـــونی ڕەزامـەنـــدی خـــوا لـە بانگـەواز كـردن : ئـەو كـەسـەی بانگـەواز ئـەكـا ئەبێ تـــەنها بـــۆ خـــوا بـــیكـات و مـەبـەسـتی تـەنها ڕەزامـەندی خوا بێ نـەك دەست كـەوتنـي دونیاو پەیدا كـردنی ناوبـــانگ و كـــۆ كـردنـەوەی دەنگ بۆ حیزبێك و گـەیشـتن بە دەسـەلات و كـورسـی ، وە نابێ منـەت بكـەیتە ســـەر خـــەڵك و داوای پاداشـــتیان لـێ بكـەی پێغـەمبـەران علیهم الصلاة والسلام داوای پاداشـتیان لـە كـەس نـەكـردووە خـوای بـەرز ئـەفـەرموێ : (قُل لاَّ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْراً إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرَى لِلْعَالَمِينَ) الانعام 90 وە (وَيَا قَوْمِ لا أَسْـــأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالاً إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللّهِ) هود 29 وە با بزانین پێغـەمبـەری خـوا صلی الله علیه وعلی الـه وســـلم ئـەفـەرمـــوێ : (إن الله عـــز وجـــل لا يقبل من العمل إلا ما كان له خالصا و ابتغي به وجهه) السلسة



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

الــصحيحة 52 واتــه : ( خــوای عز وجل هیچ كردەوەیەك وەر ناگرێ ئیللا ئەوەی كە تەنها بۆ ئەو بێ بە ئیخلاس وە مەبەست پێی ڕووی ئەو بوبێ ) .
4_ دەســت پــێكردن لە گرنگ ترین شتەوە پاشان بۆ گرنگ ترین : ئەوەی بانگەواز بكا بۆ لای خوا ئەبێ لــە گرنگ ترین شتەوە دەست پێ بكا ئەویش ڕاستكردنەوەی بیرو باوەڕو گەیاندنی یەك خوا پەرستی و ئاگادار كــردنوەی خــەڵك لــە هاوبەش دانان بۆ خوایە . هەموو پێغەمبەران علیه الصلاة والسلم لەمەوە دەستیان پێ كردووەو بانگەوازەكەیان لەسەر ئەمە بنیات ناوە خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ } النحل 36 وە ئەفەرموێ : {وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِــي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ } الانبیاء 25 وە كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم معاذی خــوا لــێی ڕازی بــێ نــاردە یەمــەن فــەرمانی پێ كرد یەكەم شت بانگیان بكا بۆ شەهادەی لا اله الا الله پاشان نوێژ و پاشان زەكات _ئەو فەرمودەمان باس كردووە پێشتر_ .
دیارە ڕێگای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بۆ ئێمە باشترین ڕێگایە ئەبینین پێغەمبەری خــوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لــە ژیانی پێغەمبەرایەتی یەكەم شت خەڵكی بانگ ئەكرد بۆ لای لا الــە الا الله سیانزە ســاڵ لــە مەككــە مایــەوە خەڵكــی بــانگ ئەكرد بۆ لای ئەو كەلیمەیە ئاگاداری ئەكــردنەوە و نەهــی لــێ ئەكــردن لــەوەی هاوبــەش بۆ خوا بڕیار بدەن وە فەرمانی پێ ئەكردن بە تەنها پەرستنی خوای بەرز . لە پاشان ئینجا فەرمانی پێ كردن بە نوێژو باقی شەریعەتی ئیسلام وە تا مردنی هــەر بــەردەوام بــوو لــە ســەر بانگــەواز كــردنی بۆ لای یەك خوا پەرستی و ئاگادار كردنەوەی خەڵك لە هاوبەش دانان بۆ خوا تەنانەت لەسەرە مەرگا ئاگاداری موسڵمانانی ئەكردەوە لەوەی توشی هاوبەش و هــۆیەكانی هاوبــەش دانــان بــۆ خــوا ببن ئەیفەرموو صلی الله علیه وعلی اله وسلم : (لعنة الله علی الیهود والنــصاری اتخــذوا قبور انبیائهم مساجد) متفق علیه واتــە : ( نەفرەتی خوا لە جولەكەو دیانەكان گۆڕی پێغەمبەرەكانیان كرد بە مزگەوت ) . بۆ ئەوەی خەڵك توشی ئەوە نەبن كەتوشی ئەوان هاتووە .
5_ ئارام گرتن ( الصبر ) : ئەبێ ئەو كەسەی بانگەواز ئەكا بۆ لای خوا خۆ ڕاگر بێ و ئەو ناخۆشیانەی دێتە پێشی لە بانگەوازەكەی ئارامــی لــە سەر بگرێ . چونكە ڕێگای بانگەواز كردن بۆ خوا بەگوڵ نەچێندراوە . بەڵكــو ڕێــگایەكی زەحمەتــەو توشــی ئــازارو ئەشــكەنجە ئەبیت لە سەری ئەوە ڕێگای پێغەمبەرانە علــیهم الــصلاة والسلام كە هەر پێغەمبەرێكیش ئەزانین توشی ناخۆشی و ئازار بووە بە دەستی نەتەوەكەی و بە هەموو شێوەیەك دژایەتیان كردووە و ناوو ناتۆرەیان بۆ هەڵبەستاوەو گاڵتەیان پــێ كــردووە خــوای بــەرز ئەفەرموێ : {وَمَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ} الحجر 11 واتە : ( وە هــەر پــێغەمبەرێكیان لــە لایــەن خــواوە بــۆ بــێت ئــیللا گاڵــتەی پــێ ئەكــەن _كافــرەكان لە هەموو قەومــەكــان_ ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَى مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّى أَتَــاهُمْ نَــصْرُنَا} الانعام 34 واتە : ( وە پێش تۆ پێغەمبەران بە درۆ خراونەتەوەو ئارامیان گرتووە لەسەر ئــەوەی كە قەومەكانیان بە درۆیان ئەخستنەوە وە توشی ئازار بوون قەومەكانیان ئازاریان پێ گەیاندن _بە كوشتن و دەربەدەر كردن و بوختان هەڵبەستان بۆیان و هەموو جۆرە ئازارێك_ تا وەكو سەركەوتنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئـێمـەیان _خــوایان_ بــۆهات ) . وە خــوای بەرز ئەفـەرموێ : { وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً مِّنَ الْمُجْرِمِينَ } الفــرقان 31 واتــه : ( وە ئاوا بۆ هەمـوو پێغـەمبـەرێك دوژمـنمان داناوە لـه موجریمـەکان ) . ئیتر ئەوەی ئەو ڕێـگایه بگـرێ کــه پـێغـەمبـەرانی علــیهم الصلات والسلام لــه سـەر بوون توشـی ئەوە ئەبێ کـه توشـی پـێغـەمبـەران علــیهم الــصلاة والسلام هاتووە لـه بەر ئەوە ئەبێ ئەوەمان لـه بەر چاو بێ چۆن ئەبێ وەك پـێغـەمبـەران علــیهم الــصلاة والسلام بانگـەواز بۆ لای خوا بکـەین ئەبێ وەك ئەوانیش لـه بەر خـوا ئارام بگـرین بۆ ئەوەی خوا لـه خۆمان ڕازی بکـەین.

6_ خۆ ڕازاندنەوە بە ڕەوشـتی جوان و نەرم و نیانی : ئەو کـەسـەی بانگـەواز ئەکـا بۆ لای خوا لـه سـەریەتی خـۆی بڕازێنـێتـەوە بــه ڕەوشــتـی جــوان و نــەرم و نــیان بــێ لــه قـسـەو ڕەفتاریا چونکـه ئەوە هۆیەکـه بۆ وەرگــرتنی بانگـەوازەکــەی وە گــوێ ڕاگــرتنی خــەڵك لــێـی . وە ئەوەش ڕەوشـتی پێغـەمبـەران بووە علیهم الصلاة والسلام خــوای بەرز بە خاتـەمی پێغـەمبـەران صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفـەرموێ {فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّــنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ} ال عمران 159 واتــه : ( بــه ڕەحـمـەت لـه لایـەن خواوە تۆ بۆیان نەرم و نیان بویتە ئەگـەر تۆ تورەو توندو دڵ ڕەق بویتایه ئەوە دەورتیان چۆل ئەکـرد لەگـەڵت نەئـەمان ) . وە خــوای بەرز ئەفـەرموێ : {وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ } القلم 4 واته : ( وە تۆ لـەسـەر ڕەوشـتـێکـی بەرزی ) . وە خـوای بەرز کـه مـوسـای علیه الصلاة والسلام نارد بۆ لای گـەورەترین تاوان باری ئەو سـەردەمە کـه مـل هـوڕیەکـەی لــه سـنور نەمابوو بانگـەشـەی ئەوەی ئەکـرد کـه خوایەو خەڵك ئەبێ بیپەرسـتن پەنا بە خوا ئەویش فیرعەون بوو . بەڵام خـوای بەرز فـەرمانی کـرد بە پێغـەمبـەرەکـەی : {فَقُولَا لَهُ قَوْلاً لَّيِّناً لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى} طه 44 واته : ( قسـەی نەرم لەگـەڵی بکـەن بەڵکـو بیر بکاتەوەو بترسـێ لــه خــوا ) . وە خــوای بــەرز ئەفـەرمــوێ {ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ} النحل 125 . وە پێغـەمبـەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفـەرموێ : (فإن الرفق لم يكن في شــيء قــط إلا زانـــه ، ولا نزع من شيء قط إلا شانه) سلسلة الصحيحة 524 واته : ( وە نەرم و نیانی لـه شـتێك نابێ قەت ئیللا جوانی ئەکات ، وە لـه هەرشـتێکا نەمێنێ ئیللا ناشیرنی ئەکـات ) .

7_ هــیوا نــەبڕان و ئومـێد بــوون : ئەو کـەسـەی بانگـەواز بۆ لای خوا ئەکـات ئەبێ قەت بێ ئومێد نەبێ لــەوەی خەڵك بڕوای پێ ناکـەن ئەبێ هەر هیواو ئومێد لـه دڵیا بمێنێ خوای گـەورە بە توانایە بۆ دڵ نەرم کــردنی هــەر کـەســێك بــیەوێ . لەبــەر ئــەوە تۆ لـه بانگـەواز بەردەوام بە بێ ئومێد مەبە لـه دواکـەوتنی ســەرکـەوتنی بانگـەوازەکــەت و ڕەت کــردنەوەی خــەڵك بــۆی .بــا زەمـەنێکـی زۆریشـی بە سـەر دا بڕوا تۆ ئــەوەی لەسـەرتە بانگـەوازەکـه ئەگـەینی هیدایەتیش لای خوایە ئێمـە لێی بەرپرسـیار نین خـوای بەرز بە پێغـەمبـەرمان صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفـەرموێ {لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ} البقرة 272 واته : ( هیدایەتی وان لــه ســەر تۆ نیه ) . وە خـوای بەرز ئەفـەرموێ : {إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ } القصص 56 واته : ( تۆ هیدایەتی کـەسـێك نادەی کـه خۆشـت ئەوێ بەڵام خوا هیدایەتی کـەسـێك ئـەدا کـه بیەوێ وە ئەو زاناترە بەوەی هیدایەتی ئەدات و هیدایەت وەر ئەگـرێ ) . وە خـوای بەرز ئەفـەرمـوێ : {فَإِنَّمَـــا عَلَــيْكَ الْبَلاَغُ} ال عمران 20 واتــه : ( لـەســەر تۆ تەنیا گـەیاندنه ) . وە خـوای بەرز



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەفەرمـوێ : {وَمَـا عَلَـى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ} العنكبوت 18 واتە : ( وە لەسـەر پێغـەمبەر نیە ئیللا گـەیاندنـێکـی ڕوون و ئاشـکرا نەبـێت ) وە چـەندین ئایـەتی تر لـەو مانایە وە پێغـەمبـەران علیهم الصلاة والسلام زۆر نەفەس درێژ بوون لە بانگەواز کردنی خەڵك ئەوە نوح علیە الصلاة و السلام 950 ساڵ ئارامی گـرت و نەتەوەکەی خۆی بانگ ئەکرد بۆ لای خوا خەڵکێکی زۆر کەمیش شوێني کەوتن . پێغەمبەری خـواش صـلـی الله علـیە وعلـی الـە وسـلم ئەفەرمـوێ لـەو فەرموودەی کە باسی ئەوەمان بۆ ئەکا ئـوومەتەکانی نیـشان دراوە پـێغـەمبەری وای بینـیوە لـە ڕۆژی دوایـی دێت هیچ کەسێکی لە گەڵ نیە کەس شوێني نەکەوتووە _ئەم فەرمودە پێشتر باسمان کردووە_ . وە ئەوە پێغەمبەرمان صلی الله علیە وعلی الە وسلم لـە گەڵ ئەو هەموو ئێش و ئازارەی ئەهاتە ڕێگای لە لایەن نەتەوەکەی و خزم و کەس و کاری خۆی وە لەو کاتەی لە هەموو کاتێك زیاتر توشی ئازار بوو خوای بەرز فریشتەی شاخی بۆ نارد وتی ئەگـەر ئەتـەوێ ئێستا هەردوو شاخیان بە سەرا ئەدەم و لە ناویان ئەبەم بەڵام پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم فەرموی : (بل أرجو أن یخرج الله من أصلابهم من یعبد الله وحده لا یشرك به شیئا) رواه الـبخاري واتە : ( نەخێر من ئومێد ئەکەم لە خوا کە لە پشتی ئەوان لە نەوەکانیان کەسانێك دەربکا کە خوا بپەرستن و هیچ هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن ) .

_بـۆ ئـەو حـەوت خاڵـە سـودم وەرگرتووە لە پێشەکی شێخ صالح فوزان لە کتێبي منهج الانبیاء في الدعوة الی الله فیە الحکمة والعقل هـی شێخ ربیع بن هادي المدخلي کە کتێبێکی زۆر بەسودە لەو باسە پێویست ئەکات بگەڕێنەوە سەری _ .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com